## یاسای بەدەرکردنی ژن لە حوکمەکانی بڕگە(۱)ی ماددەی (٤١)ی یاسای سزاکانی ژمارە (۱۱۱)ی هەموارکراوی ساڵی ۱۹٦۹

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ٧**
**ڕۆژی دەرهێنان: ٢٠٠١/٦/٣٠**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (۱)ی ماددەی (٥٦) وماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (۱)ی هەموارکراوی ساڵی (۱۹۹۲)و، لەسەر داواکردنی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەن و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(١٦)ی ڕۆژی (٢٠٠١/٦/٢٨)یدا ئەنجامی داوەو بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە( ٧)ی ساڵی (٢٠٠١)**
**بەدەرکردنی ژن لە حوکمەکانی بڕگە(۱)ی ماددەی (٤١)ی یاسای سزاکانی ژمارە (۱۱۱)ی هەموارکراوی ساڵی ۱۹٦۹**

**ماددەی یەکەم:**
ژن(الزوجة) لە حوکمەکانی بڕگە (۱)ی ماددەی (٤١)ی یاسای سزاکانی ژمارە(۱۱۱)ی هەموارکراوی ساڵی (۱۹٦۹)هەڵدەبوێردرێ (تستثنی)٠
**ماددەی دووەم:**
هەردەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار٠

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار٠

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار٠

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**